# گەندەڵی



کەمال چۆمانی

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ئەوروپا بەدەست چەندان جۆری گەندەڵی ئەیناڵاند و نووسەر و بیرمەندەکانیان، شاعیر و ڕۆماننوسەکانیان و رۆشنبیرانیان زۆر لە رۆمان و کتێبی بەپێزیان بۆ چارەسەرکردنی خستە روو کە لێرە مەبەست شی کردنەوەو خوێندنەوەیان نییە، بەڵکو مەبەستە بڵێین ئەو ئەوروپایەی ئێستا، بەرهەمی کۆششی بیرمەندو فەیلەسوفەکانیتیان، ئەوان توانیان سود لە تیۆرەو داهێنانی بیرمەندەکانیان وەربگرن، تەواو پێچەوانەی وڵاتی ئێمە کە هەمیشە بیرمەندەکانمان فەرامۆش کراون و تیۆرەکانیان هەرگیز تیۆریزە نەکراون و تەنها نووسین بوونە، ئەوەی ئێستا ئەیبینین کۆمەڵگاکەمان بەدەست چەندان کێشەوە ئەناڵێنێت، کەچی دەسەڵات بێ باکە لەو هەموو کێشانەو هەرگیزیش گوێ لە پێشنیاری نوسەرو بیرمەندەکان ناگرێت، یەکێك لەوکێشانە کە ئەمەوێت بەکورتی لەسەری بدوێم، گەندەڵیە. گەندەڵی ووشەیەکی نوێ یە لەگەڵ هاتنەوەی دەستەڵاتی کوردی و تەنها چەند ساڵێك حوکمکردنی بەگوێماندا چرپا، نوێ بەمانایەك لەناوەندی ئیعلامی و سیاسی و ئیداریدا نوێ، ئەگەرنا پێشتر ئەو وشەیە بەمەبەستیتر زۆر بەکار هاتووە، لەسادەترین پێناسەیدا بریتیە لە بەکارهێنانی سامانی گشتی بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیی و یان بە فیڕۆدانی ئەم سامانە، بێ هیچ گومانێك ئەم پێناسەیە زۆرێك لەتاکەکانی ئەم وڵاتە ئەگرێتەوە، بێ دوودڵیش ناسنامەیەکە یاخود شەڕەفێکە بۆ گشت بەرپرسەکان، لێرەدا نامەوێت لەسەر ئەم چەمکە بوەستم، تەنها ئەمەوێت چوار ڕووداوی گرنگ بە نموونە بهێنمەوە لە وڵاتانی پێشکەوتوو کە بزانین ئاخۆ چۆن مامەڵە لەگەڵ کەسانی گەندەڵ ئەکرێت و ئەوانیش چۆن لەکاتی تۆمەت بارکردنیاندا شەرمنانە و ناچاریانە ڕێزی یاسا ئەگرن.

ساڵی پار وەزیرێکی هۆڵەندی لەلایەن ژاپۆنەوە داوەت نامەیەکی ڕەسمی بۆ چوو، بۆ سەردان کردنی ئەو وڵاتە، ئەویش لەکاتی سەردانەکەیدا خێزانەکەی لەگەڵ خۆی برد، خەرجیەکانی گەشتەکەشی هەر لەسەر حکومەت بۆ خێزانەکەی سەرفکرد، لەکاتی گەڕانەوەیدا هەڵایەکی میدیایی گەورە لەهۆڵەندا لەسەر ئەو وەزیرە بەستەزمانە دروستبوو کە گوایە گەندەڵی کردووەو خێزانەکەی لەگەڵ خۆیدا بردووە و مەسروفاتیشی کردووە، ئەمەش بەدەستدرێژی کردنێك بۆ سەرسامانی گشتی داندراوە کە دەبوایە تەنها وەزیر بچوبا، لەکاتی چوونی خێزانەکەشی ئەبوا پارەی تایبەتی خۆی بۆ خێزانەکەی سەرف کردبا، نەك لەسەر حسابی حکومەت، لەئەنجامدا وەزیرەکە بەناچاری دەستی لەکارکێشایەوە! هەر لەم ماوەیەی ڕابردوو بەڕێوەبەری بانکی نێودەوڵەتی دەستی لەکارکێشایەوە یان باشترە بڵێین دەستیان پێ لەکارکێشایەوە، چونکە دەرکەوت مووچەی مانگانەی دەستگیرانەکەی زیاد کردووە، دیسان هەرمانگێك ئەبێت بەسەر خۆکوشتنی وەزیری کشتوکاڵی ژاپۆن تێپەڕیووە، چونکە تۆمەتبارکرابوو "نەك تاوانباربێت" بەهۆی گەندەڵی، نموونەیەکی سادەتر چەند هەفتەیەك لەمەوبەر لە هەواڵی ژێرنوسی کەناڵی ئاسمانی جەزیرە ئەوەم خوێندەوە کە وەزیرێکی پێشووی حکومەتی چین لەسێدارە دراوە، دوای ئەوەی ئاشکرابوو کە گەندەڵی کردووە! ئەم چوار ڕووداو و نموونەیە بەسن بۆ ئەوەی بەرپرسانی ئێمە کەمێك ڕێزی یاسا بگرن و بەخۆیاندا بچنەوە، ئاخۆ وەزیرەکان و بەرپرسەکانی ئێمە کە ئەچنە سەردانی وڵاتان چۆن پارەیەك سەرف ئەکەن و چەندان کەسی بێکار لەگەڵ خۆیاندا ئەبەن، ئەی ئەبێ بەرپرسانی وڵاتی گەندەڵی من چەندان گەشتی بێ ئەنجامیان کردبێت لەسەر حسابی سامانی گشتی، ئەی ئەبێ بیر لەوە نەکەنەوە ئەوانیش هەر هیچ نەبێت وەك وەزیرە هۆڵەندیەکە تەنها خێزانەکەی لەگەڵ خۆی ببات؟ ئەی بەڕێوەبەر و بەرپرسانی ئەو وڵاتە چەند مووچەیان زیاد کردووە و چەندان کەسی نەخوێندەواریان لە پۆستی باڵا دامەزراندووە و چەندیان پێنج مووچەنە و چەند ئەرزەیان داوەتە خەزوورەکانیان و چەندیان پارە لە شەوی پەمەیی و چەندیان لە داوەتی سلێمانی پالاس و شیڕاتۆن و گەشتی ئەو وڵات و ئەو وڵات سەرف کردووە، چەندیان بردۆتەوە بۆ منداڵ و ژنەکانیان و کەسیش نەیتوانیوە بڵێت بۆ کوێی ئەبەیت؟ تاکە لێپرسراوێك یا بەڕێوەبەرێك یا سەرۆکێك تائێستا لێپرسینەوەی لەگەڵ نەکراوە، ئا ئەمەیە سیستەم و حکومەتی کوردی.

ئێمە لەگەڵ خۆکوشتن نین، بەڵام با وەزیرێك، سەرۆکێك، بەرپرسێکی سادە وەڵامێکی قەناعەت پێهێنمان بداتێ کە گەندەڵی نییە یان گەندەڵی نەکردووە، با کەمێك شەفافانە لەگەڵمان بدوێن و خۆڵ نەکەن بەچاوی تاکی کوردی هەژاردا، دیارە لەکۆمەڵگای ژاپۆنی زۆر گوناهێکی گەورەیە گەندەڵ یان تۆمەتبار بکرێیت بەگەندەڵی، بەڵام لێرە شانازییە، ئەگەر شانازی نییە خودی سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی دان بەبوونی گەندەڵیدا ئەنێن! ئەی کە وابوو بۆ رۆژێك نەمانبینی لێپرسینەوەیەك، دەست لەکارکێشانەوەیەك، بەدادگایی گەیاندنێك یا دەرکردنێك ڕوویدابێت؟ گەر یەکێك لە پۆستەکەیشی دوورخرابێتەوە، ئەوا بەخت یاوەری بووە، چونکە بەدڵنیایی لەو لاوە شوێنێکی باشتری بۆداندراوە. ئەی کوا لێپرسینەوە لەوانەی کە پێشتر گەندەڵ بوون و ئێستا پۆستیان نیە، بەڵام ببورن ئێمە گەر لەئەنفالچی و کیمیاچی و فایلدارو ئەتککەرانی وڵاتمان نەپێچایەوەو کردنمانن بە براگەورەو گەورە شۆڕشگێڕو خاوەن هەموو شتێکی وڵات، چۆن لە گەندەڵکارێکی ئێستا نەماو دەپرسینەوە؟؟

Chomani_٨٥@hotmail.com